## كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان لە باكووری ئەمەریكا

***بلاوكراو***

---

2007

### -- كۆنفرانسی نێو دەوڵەتی ئافرەتی كورد  بۆ ئاشتی و یەكسانی--

**لەیادی خوالێخۆشبوو خاتوو ( سورەیا سیراجەددین ) جێگری پێشووی سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستانی  ئەم كۆنفرانسە ئەنجام درا .**

### ((دەرئەنجام و پێشنیارەكانی كۆنفرانس))

***********************

لە 8ی ئاداری 2007 ڕێكخراوی KNC هەڵسا بە ئەنجامدانی یەكەم كۆنفرانسی نێو دەولەتی  بۆ ئافرەتی كورد, لە هۆلی 1ی شوبات \ ئەنجومەنی وەزیران\ هەولێر -كوردستانی باشوور بۆ گفتوگۆ كردنی كێشەكانی ئافرەتی كورد لە جیهاندا . كۆنفراسەكە لە ژێر چاودێری بەرێز كاك مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەرێوە چوو بە هاریكاری وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ئافرەتان وەبە ئامادەبوونی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بەرێز كاك عدنان موفتی  وە پارێزگاری هەولێر بەرێز نەوزاد هادی , وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ئافرەتان  د.جینان قاسم هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و نوێنەرانی حكومەتی هەرێم . و سەرۆك و سكرتێری پارتە

سیاسیەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان و چەندین رێکخراوی ناحکومی و کەسایەتی ناسراو لە کوردستان و لە جیهان ئامادە بوون.

لەم کۆنفرانسە دا باس لە چەندین کێشەی جۆراو جۆر کرا کە بەرەنگاری بزوتنەوەی ئافرەتان دەبن لە گشت لایەنەکانی ژیانی ئافرەتی کورد لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان , وە تیشك خرا سەر رۆلی ئافرەتی کورد لە پێشخستنی کۆمەلگای کوردی وە بە هیز کردنی توانای ئافرەتی کورد بۆ ئەوەی رۆلی سەرەکی هەبێت لە گەشەسەندنی دیموکراسی و بەرگری کردن لە بوونی خۆی وە زیاد کردنی دەرفەت بۆ ئەوەی ئافرەت بە شدار بێت لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا و جەخت کردن لەسەر گرنگی بەهێز کردنی پەیوەندی و تۆربەندی نێوان گروپەکانی ئافرەتان لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان بۆ گۆرینەوەی بیرو را و کارکردن وەك یەك دەست بۆ بەدی هێنانی مافەکانیان.

<u>بەشداربووانی کۆنفرانسی یەکەمی نێودەوڵەتی ئافرەتی کورد بۆ ئاشتی و یەکسانی بانگهێشتیان کرد بۆ:</u>

- **دامەزراندنی کۆمیتەیەکی باڵا بۆ رێکخستنی چالاکیەکانی داهاتوو :**

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رێکخراوتر کاری بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەتان ئەنجام بدەن و دەرفەتی زیاتر بۆ ئافرەتانی کورد دروست بکەن لە گۆرینەوەی زانیاری و سەرچاوە و بیرورا وە لە ئەنجامدا ژیانێکی گونجاوتر دروست بکەن بۆ ئافرەتی کورد و بۆ هەموو کەسێك کە لە کوردستان دەژیێت.

- **کۆمیتەی بریاردەری کۆنفرانس تەئکیدی لە پەرلەمانی کوردستان کرد سەبارەت بەم خالانەی خوارەوە:**

1- پرۆژەی نیشتەجێ بوون ئەنجام بدرێت بۆ ئافرەتەکانی خێزانە ئەنفالکراوەکان . وە ئەم پرۆژانە دەبێت سەنتەری رۆشنبیری بەخۆوە بگرێت بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە :

- بۆ نەهێشتنی ئاسەواری دەروونی نێگەتیڤ لای ئافرەتانی ئەنفال بەرێگای پێشکەش کردنی بەرنامەی بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی دەروونی و پزیشکی.
- کەمکردنەوە و نەهێشتنی دیاردەی نەخوێندەواری.
- ئەنجام دانی خوولی جیاجیا و ئاسانکاری بەمەبەستی سەربەخۆ بوونی ئابووری ئافرەتانی ئەنفال لە جیاتی ئەوەی پال ببەنە سەر حکومەت یان پال ببەنە سەر ئەندامانی تری خێزان کە زۆر جار دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ پێشێل کردنی مافەکانیان.
- دروستکردنی دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەتانی ئەنفال وەك ئامانجەکی سەرەکی حکومەت و کۆمەلگا بۆ هاوکاری کردنی ئەم ئافرەتانە بۆئەوەی دەربچن لەو بارە دەروونیە خراپە کە ئەمرۆ تیایدا دەژین.

2- زامن کردنی سزای یاسایی بۆ هەر کەسێك کە توندوتیژی ئەنجام بدات دژ بە ئافرەت. وە بەیاسا رێکبخرێت.

3- دۆزینەوەی میکانزمی بەهێز بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەموو جۆرە توندوتیژی دژی ئافرەت وەك کوشتن لەسەر شەرەف ( غسل العار ) , لێدان , زۆرلێکردن, وە هەموو جورە ئەزیەت دانی مەعنەوی و جەستەیی.

4- نەهێشتنی پێکهاتنەوەی عەشیرەتی ( صلح عشائري) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوشتن لەسەر شەرەف, بەلکو دەبێت بەیاسا چارەسەر بکرێت.

5- سزای یاسای دابنرێت بۆ ئەوکەسانەی کە زۆر لە ئافرەتەکانیان دەکەن بۆ لەش فرۆشی جا چ هاوسەری بێت یان هەر ئەندامێکی تری خێزانی بێت.

6- قەدەغەکردنی خەتەنەی کچان بە رێگای یاسا کە لە راستیدا ئەم دیاردەیە دژی هەموو بنەماکانی ئاین و مافی مروڤە.

7- گۆرانکاری لە یاسای باری کەسایەتی کە لە سالی 1959 نووسراوە وە تاوەکو ئیستا کاری پێ دەکرێت , بەتایبەتی لە چەند برگەیەك بۆ ئەوەی مافی ئافرەت بپارێزرێت لەکاتی جیابوونەوە و کۆهاوسەری ( تعدد الزوجات ) یاسا دەبێت مافی ئافرەت و مافی پیاو بپارێزێت. وە لە کاتی جیابوونەوە ئافرەت دەبێت مافی 50 ٪ ی هەبێت لە خانوو , کەل وپەلی ناومال , پارە , سەرچاوەی دارایی تر... هتد. وە هەروەها دەبێت کۆهاوسەری بەیاسا قەدەغەبکرێت تەنها بۆ حالەتی پزیشکی دیاریکراو بێت ئەوەش بەرێگای یاسا رێکبخرێت.

8- دامەزراندنی سەنتەری رۆشنبیری لە گشت شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

- ئەنجامدانی خولی تایبەت بۆ فێربوونی کار وەك ( خولی کۆمپیوتەر , خولی تەندروستی, خولی دروومان, خولی زمان, و خولی ترکە پارمەتیدەربێت بۆ دۆزینەوەی کار )

- چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەلایەتی و دەروونی لەم سەنتەرانە بەرێگای کەسی پسپور و لێهاتوو, وە هەروەها بەرێگای بە کارهینانی هێلی تەلەفۆنی راستەوخۆ ( Hot-line ).

- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری جوراوجور بۆ خێزان و منداڵ وەك باخچەی ساوایان و یاریگا.

- خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی: وەك خولی سەما و شاهی , پێشانگای فوتوگرافی, شانۆ, وەرزش , هتد...

- خوێندن : دروست کردنی دەرفەتی خوێندن بۆ ئافرەتان , خولی زمان, دەزگای کار( ورکشوپ) , خولی تەندروستی, دۆزینەوەی دەرفەتی کار, بلاوکردنەوەی وێب سایتی تایبەت بەم سەنتەرانە بۆ بلاوکردنەوەی چالاکیەکانیان لەسەر ئینتەرنیت.

9- هاندانی حکومەت بۆ تەرخانکردنی زەوی و پشتگیری دارایی و دابین کردنی ئاسایش بۆ رێکخراوە ناحکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی خانووی فریاکەوتن ( شیلتەر) بۆ پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی لە هەموو شاروشاروچکەکان بە مەبەستی:

- پێشکەش کردنی ئامۆژگاری کۆمەلایەتی بۆ ئافرەتان و پیاوان بۆ بەیەکەوە ژیان و بەکارنەهێنانی توندوتیژی وە چون کاربکەن بۆ ئایندەی منالەکانیان.

- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی لێدان و توندوتیژی لە ناو خێزاندا وە گەرانەوەیان بۆ ناو کۆمەلگا بەشێوەیەکی ئاسایی.

- ئەنجامدانی خولی فێربوونی کار بۆ ئامادەکردنی ئافرەتان بۆ ئەوەی بتوانن لەلایەنی ئابووریەوە سەربەخۆبن لە خێزانەکانیان.

10-پەرەپێدانی رۆلی ئافرەتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وە پۆستی وەزارەتی گرنگ بە ئافرەتان بسپێردرێت کەوا ئێستا کەمترین رێژەی وەزیری ئافرەت لە جیهاندا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

11- تەئکید کردن لەسەر ئەوەی کە دەبێت حکومەت دەرفەتی کار بۆ ئافرەتان دروست بکات بۆ ئەوەی ئافرەتان سەربەخۆ بن لە رووی ئابووریەوە کە دەبێتە هۆی گەرانەوەی متمانەی ئافرەت بە خوودی خۆی و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژیان.

12-پەرەپێدانی رۆلی ئافرەت لە سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانی کوردستان وەك وێنە دانەوەی ئەو قوربانیانەی کە ئافرەت داویەتی لە پێناو بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بۆ مافی چارەی خۆ نووسین.

13-حکومەتی هەرێم دەبێت گرینگی تایبەت بدات بە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان . ئەم وەزارەتە دەتوانێت رۆلێکی زۆر گرینگ بگێرێت وەك پردێك لە نێوان حکومەتی هەرێم و رێکخراوە ناحکومیەکان بۆ ئەوەی کاراتر بن لە سەر رەوشی دروستبوونی بریاری سیاسی لە کوردستاندا . هەروەها پێویستە ئەم وەزارەتە بۆردێك دروست بکات کە گرووپێك ئافرەتانی لێهاتوو لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان بەخۆوە بگرێت وە کاریان وەك بۆردی راوێژکاری بێت بۆ وەزارەت بۆ

مامەلەکردن لەگەل کێشەی جوراوجۆری ئافرەتان وە پردێك بێت لە نێوان ئافرەتانی کوردستان و ئافرەتانی جیهان.

14-بەهێزکردنی تۆربەندی رێکخراوەکانی ئافرەتان لە رێگای:

- دامەزراندنی تۆربەندی لە نێوان رێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان.
- دامەزراندنی تۆربەندی لە نێوان رێکخراوەکانی ئافرەتی کورد لە ئەوروپا.
- دامەزراندنی تۆربەندی لە نێوان رێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان لەگەل رێکخراوەکانی ئافرەتان لە ئەوروپا و لە ئەمەریکا.

نوێنەرانی کۆنفرانس دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن بۆ رێژەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستاندا کە بەراستی لە پلەیەکی بەرز دێت لە نێو پەرلەمانەکانی جیهاندا . وە هیوای ئەوە داخوازن کە لە هەلبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمان رێژەی زیاتر بۆ ئافرەتان تەرخان بکرێت بە پێی پسپۆری و لێهاتووی نەك لەسەر بنەمای کۆتا.

کۆنفرانسەکە تەئکیدی لە بەشداربوونی پیاوان کرد لە پرسەکانی ئافرەتاندا وە ئەوەی راستی بێت جێگای دلخۆشی بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان بەشداربوون لە کونفرانسەکەدا کە بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا بەم جورەیە و بەم رێژەیە پیاوان ئامادەبن لە کۆنفرانسێکی ئافرەتان . بۆیە ئەم دیاردەیە زۆر هاریکارە بۆ بەدی هێنانی ئامانج و مافەکانی ئافرەتان وە لە هەمان کاتدا یارمەتیدارە بۆ پیاوان بۆ

ئەوەی زیاتر تیّ بگەن لە پرسی ئافرەت و رۆلی گرنگی ئافرەت وەك شریکی سەرەکی بۆ بنیاتنانی کۆمەلگایەکی نویّ.

کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان خۆی تەرخان کردووە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان تاوەکو هەموو مافەکانی خۆی وەدەست دەهێنێت وە هەروەها رێکخراوەکانی کوردستان هان دەدات بۆ ئەوەی تەنسیقی زیاتر دروست بکەن لەگەل رێکخراوەکانی دەرەوە.

گشت ووتەو دۆکیومێنتەکانی کە پێشکەش کرا لەم کۆنفرانسە بلاودەکرێنەوە بەم زووانە.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم کۆنفرانسە تکایە پەیوەندی بکە بەم ئەدرێسانەی خوارەوە:

**سورەیا فەلاح( ئیمێل)** : sorayaf40@yahoo.com ، soraya@vokradio.com ،

knc@kurdishnationalcongress.org

وێب سایت: www.kncna.org ، http://www.vokradio.com